# پرسەنامەی کوردێك لە کوردستانەوە بۆ سەرکردەمان مەلیك فەهد لە خاکی حەرەمەینی پیرۆز !!

سۆران عومەر



مەلیک فەهد بە مردنت دڵخۆشت کردم ، بریا نەمردیتایەو هەر بە زەلیلی بمایتایەوە تا جوانتر ڕسوای دنیاو دوارۆژ ببویتایە هەرچەندە گومانم نیە لەوەی کە دۆزەخت بۆ خۆت مسۆگەر کرد لە پیرۆز ترین خاک دا ، کە هەواڵی مردنت گەیشتەلام لە کوردستان ، زۆر دڵخۆش بووم سوپاسی خوام کرد کە تۆی دیکتاتۆرو دور لەدینی لە خاکی پیرۆزی حیجازا بردەوە بۆ سزای قیامەت پیرۆزت بێت و چاوەڕێ بە هاکا سەرکردەکانی تری قیمەی عەرەبی هاتن بۆ لات و دڵنیاشن کە لە تۆ باشتر نامرن ، بەڵکە هاولاتیانی عەرەبی لەدەستان ڕزگاریان ببێت هەرچەندە دڕندەتان زۆرەو جێتان چۆڵ ناکەن بەلام بەمردنتان زۆر دڵ شادبووین ، سەدام لەتەمەنیا یەک ڕستەی ڕاستی وتووە کە بە تۆی دەوت ( خائن الحرمین الشریفین ) نەک خادم الحرمین الشریفین ، تۆیەک کە یەکە سەرکردەی بەکرێگیراوی جولەکەو ئەمریکای سەلیبی بویت و پێنجەم مەلیکی بنەماڵەی ئالی سعود بویت کە تەواوی تەمەن و حوکمتان بریتی بووە لە زوڵم و فەسادو خوێنڕێژی ، دواین فەزڵ پیاوەتیشت کە دەرکەوت لەسەرت توش بونت بوو بە ئایدز هەر ئەوەش بوو هۆی مردنت !! پیرۆزت بێت .

### مەلیك فەهد و کاتی سەرەمەرگی ..!!

لە یۆنۆی ساڵی 2004 دا کاتێک فەهد نەخۆش کەوت و لە سەر لێواری مەرگ بوو لەوکاتەدا بڕیاری دا لە جنێف ئوتێلی (نوغا هیلتون ) لە کابرایەکی سۆماڵی جولەکە بکڕێت بەناوی (نووهان) بەبڕی (300) ملیۆن فرەنکی سویسری ، تەنها لە گۆڕینی دیکۆری ئەم ئوتێلەدا (50) ملیۆن فرەنکی سەرف کرد !!

### فەسادی بنەماڵەی ئالی سعود ....!!

لەولاتی مەغریبەوە ئەم بنەماڵەیە هەستاون بە بردنی ئافرەتانی دەعارە بۆ سعودیە بەناوی عەمرەوە !! ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ باس لەوە دەکەن کە کۆشکەکانی ئەم بنەماڵەیە لە (حی الدبلوماسی) کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕیازی پایتەخت ، بەردەوام بەکاردەهێنرێت بۆ فەساد و ڕابواردن و بازرگانی کردن بە کچانەوە ، ئەم ناوچەیە هەیئەی ئەمر بەچاکەو ڕێگری لە خراپە بەهیچ شێوەیەک بۆنیە بچێتە ناوی و دورە لەدەسەلاتی پۆلیس .

### ئەسڵی کوفر و موئامەرەی ئەم بنەماڵە دژ بە مسوڵمانان و کاری بازرگانی کردن بەتلیاکەوە

ئەم بنەماڵە لەسەرەتای دروست بونیانەوە بەکرێگراو بوون و دەستیان دژ بە ئەهلی ئیسلام تێکەڵ بە نەیاران کردووە وەک مەلیک فەیسەڵ لە بەڵگەنامەیەکی ئینگلیز کە لە نوسینگەی (ترومان) دا پارێزراوە نوسیویەتی (مستعدون ان نتحالف مع الشیطان لنبقى )

لەساڵی (1952)دا لەڕێگەی مـەوادی بانگەشـەی دینیـەوە موخابـەراتی ئـەمریکیان هێـناوەتە ناوچـەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست . هەروەها وێنەی کوشتنی حاجیە ئێرانیەکانیان بە ڤیـدیۆ دەگـرت و دەیانـنارد بـۆ ئەمریکا لەڕێگەی سەفارەتی ئەمریکی لە (غویانا باسو)

ساڵی 1971 بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەمریکا سعودیە دەستی سـورە بەخوێـنی کوشـتارگەی مسـوڵمانانی (بنغلادیش) کە تیایدا (3000000)سێ ملیۆن مسوڵمان کوژراو (10000000) ملیۆنی تر ناچـار کـرا خـاکی خۆیان چۆڵ بکەن ، وە بەڵگە نامەی زۆر لە موخابەراتی ئەمریکاوە ئاشکرابوو کە بـاس لـەوە دەکـەن ئـە بنەماڵەیە چۆن هەستاون بە ناردنی چەک و پێداویسـتی بـۆ پاکسـتان لەسـەر داوای دەزگـای هـەواڵگری ئەمریکا .

مەلیک (عبد الله السليمان )ی وەزیر ئـابوری ، یەکێـکە لـە مودمینـەکانی عـەرەق ، ئەمـەش لـە نامەیـەکی موخابەراتی ئەمریکادا هاتووە کە بۆ ترومـانی سـەرۆکیان نوسـیوە بـاس لەوکەسـانەی دەوری مـەلیک عبدالعزیز دەکـات و وەسـفی دەکـات بـەوەی عـەرەق و ئـافرەت هـەموو ئـاوات و کردەوەیەکێـتی !! لـە بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانیەکان دا هاتووە کە لـەماوەی هەشـت مـانگ دا (20000000) بیسـت ملیـۆن دۆلاری سەرف کردووە بۆ خۆی و بەنهێنی لەگەڵ ئەمریکیەکان دا ڕێکەوتنی ئیمزا کردووە بۆ دروست کـردنی موستەودەعاتی ئەمریکی لە سعودیە !! وەیەکەم ڕێـکەوتنی ترسـناکی ئـابوری ئەمانـە لەگـەڵ ئـەمریکادا کردویانە .

لەنامەیەکی نهێنی (فيصل بن عبدالعزيز آل سعود) دا بۆ مەلیک حسینی ئەردەن دا هاتووە کە چـۆن هەسـتاون بە کوشتنی مسوڵمانانی فەلەستین لەڕێی سوپای سعود لە ئەردەن بە هاوکاری هێزی ئاسمـانی پاکسـتان لە یەنایەری 1969 دا ، بەجۆرێک ئەم کوشتارەی مسوڵمانانیان ئەنجام دا کـە موشـی دایانـا ی جولەکـە لەبەردەم پەرلــەمان دا ووتی ئـەو فەلەسـتینیانەی کـە لـەماوەی 11 ڕۆژدا لەقەسـابخانەکەی عـەرەب دا بەدەستی ئەوان کوژران زۆرتربوو ژمارەیان لەوەی کە ئێـمە لـەماوەی (20) سـاڵ دا لێـمان کوشـتوون !! وەئەگەر یاداشتەکانی مستەر(همفر)ی جاسوسی بەریتانی لە سعودیەدا بخوێنیتەوە ئەوکات دەزانیت کوفرو زوڵم و جینایەتی ئەم دەسەلآتدارنەی سعود چییەو چەندە ؟ بەرامبەر بە مسوڵمانان !!

وێنەکانی (احمد بن عبدالعزيز) جێگری وەزیری ناوخۆ لەناو مەلهاکانی بەیروت دا بەهەموو جیهان دا بلآوە کەچۆن خەریکی بەدڕەوشتین .

گەورەترین بازرگانەکانی موخەدەراتیش لەوڵاتی سعودو لەبنەماڵەکەی ئالی سعودە لەوانە( ئەمیر نایفـە شەعلان)ە کەساڵی (2004) بەفرۆکەیەک تلیاکـەوە لـەنیوان ڕیلـزو پـاریزو فـەنزویلاو مەدریـد دا گـیراو ئیستەش (نايف بن عبد العزيز) لەهەوڵدایە کە ڕزگاری بکەن . چونکە ئـەمیر نـایف مێـردی کچـەکەی (الأمير عبدالله بن عبد العزيز)ە

هەروەها (جوسي ماريا كليمنت) لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە دوو تابلۆی بەنرخی دزراوی کۆلۆمبی بدات بە ئەمیر سوڵتان بەرامبەر شاحینەیەک موخەدەرات .

ئەم بنەماڵە گەورەترین دزی ناوچەی کەنداون کە توانیویانە تەواوی سەروەتی ئەو میلەتە بۆخۆیان پـاوان بکەن و خەڵکیش بکەن بە قوربانی مەرامەکانیان !!

www.soranomar.com
2005-8-1